# کاری ڕانەبردووی (ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازی)ی نەرێ لە چاوگی (هاتن)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی
ئامادەیی (سلێمانی)ی کچان

چوارشەممە (٢٠٢٣/٤/١٢)

لای هەمووومان ڕوون و ئاشکرایە، کە چاوگی (هاتن) لە ڕووی هێز و کاریگەرییەوە چاوگێکی تێنەپەڕە، لە ڕووی پێکهاتن و ڕۆنانیشەوە چاوگێکی سادەیە.

قەدی چاوگی (هاتن) بریتییە لە (هات).

ڕەگەکەی بریتییە لە دوو پیت، کە (هێ)یە، پیتی (هـ)ی سەرەتای ڕەگەکەش دەسوێ و لە ئەنجام و کۆتاییدا ڕەگەکە کورت دەبێتەوە و دەبێت بە یەک پیتی بزوێن، کە بریتییە لە (ێ).

کەواتە ڕەگی چاوگی (هاتن) بریتییە لە (ێ).

## یەکەم: دروستکردنی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی نەرێ لە چاوگی (هاتن):

کاتێک ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی ئەرێ لەم چاوگە دروست دەکەین، پێویستمان بە ڕەگە، واتە (ێ)، بەم یاسایە دروستی دەکەین:

دە + ڕەگی کار + ک٣

دە + ێ + م = دێم.

پیتی بزوێنی (ە)ی کۆتایی نیشانەی (دە) دەسوێ، تەنیا (د) دەمێنێتەوە، لێرە جێناوی کەسیی لکاوی یەکەمی تاکم (م) بەکار هێناوە، لە کۆتاییدا کارەکە فۆڕمی (دێم.) وەردەگرێت.

ئێستا دەمانەوێت کاری (دێم.) بکەین بە نەرێ، ئاشکرایە، کە بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێت و دەچێتە شوێنی (دە/ د)، واتە ئێمە (د) لادەبەین و (نا) لە شوێنی دادەنێین و دەبێت بە (نائێم.)، بەڵام لێرە دوو پیتی بزوێن کەوتوونەتە تەنیشت یەک، ئەویش بزوێنی (ا)ی کۆتایی نیشانەی (نا) و بزوێنی (ێ)ی ڕەگەکە، بەپێی یاسای زمانی کوردی نابێت دوو پیتی بزوێن بکەونە تەنیشت یەکەوە، بۆیە دەبێت ناوبەندی (یـ = y) لەنێوان بزوێنی (ا)ی کۆتایی

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

نیشانەی (نا) و بزوێنی (ێ)ی ڕەگەکە دابنێین، ئەو کاتە فۆڕمی کارەکە دەبێت بە (نایـــێـــم.)، کە پێک هاتووە لە (نا + یـ + ێ + م)، ئەمە بەپێی زمانی کوردی و جێبەجێکردنی یاسای زمانەکەمان ئاوایە.

بەڵام زۆربەی هەرە زۆرمان ئاوا ناینووسین لەبەر هەر هۆکارێک بێت، بەڵکو بەشێوەی (نایەم.) دەینووسین.

بە بۆچوونی من، ئەمە گرفتە، چونکە لە لایەک فۆڕمە دروستەکە بریتییە لە (نایـــێـــم.)، نەک (نایەم.)، لە لایەکی تریشەوە کوا (ێ)ی ڕەگی کار لە (نایەم.)دا؟! هەروەها (یە) لە (نایەم.)دا چییە؟ ئەگەر بڵێین (یـ) ناوبەندە، ئایا (ە) چییە؟ ڕەگی کارە؟ ئەگەر ڕەگی کارە، ڕەگی کاری چ چاوگێکە؟ خۆ ڕوون و ئاشکرایە ڕەگی چاوگی (هاتن) بریتییە لە (ێ)، نەک (ە)، خۆ ناشکرێت کاری ڕانەبردوو ڕەگی تێدا نەبێت.

بۆیە پێشنیاز دەکەم، لە زمانی نووسیندا بگەڕێینەوە بۆ فۆڕمە دروستەکەی و (نایـــێـــم.) بنووسین.

## دووەم: دروستکردنی ڕانەبردووی دانانیی نەرێ لە چاوگی (هاتن):

کاتێک ڕانەبردووی دانانیی ئەرێ لەم چاوگە دروست دەکەین، پێویستمان بە ڕەگە، واتە (ێ)، بەم یاسایە دروستی دەکەین:

**بـ + ڕەگی کار + ک٣**

بـ + ێ + م = بـێم.

لێرە جێناوی کەسیی لکاوی یەکەمی تاکم (م) بەکار هێناوە، لە کۆتاییدا کارەکە فۆڕمی (بـێم.) وەردەگرێت.

ئێستا دەمانەوێت کاری (بــێم.) بکەین بە نەرێ، ئاشکرایە، کە بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت و دەچێتە شوێنی (بـ)، واتە ئێمە (بـ) لادەبەین و (نە) لە شوێنی دادەنێین و دەبێت بە (نەێم.)، بەڵام لێرە دوو پیتی بزوێن کەوتوونەتە تەنیشت یەک، ئەویش بزوێنی (ە)ی کۆتاییی

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

نیشانەی (نە) و بزوێنی (ێ)ی ڕەگەکە، بەپێی یاسای زمانی کوردی نابێت دوو پیتی بزوێن بکەونە تەنیشت یەکەوە، بۆیە دەبێت ناوبەندی (یـ = y) لەنێوان بزوێنی (ە)ی کۆتاییی نیشانەی (نە) و بزوێنی (ێ)ی ڕەگەکە دابنێین، ئەو کاتە فۆڕمی کارەکە دەبێت بە (نەیـــێـــم.)، کە پێک هاتووە لە (نە + یـ + ێ + م)، ئەمە بەپێی زمانی کوردی و جێبەجێکردنی یاسای زمانەکەمان ئاوایە.

بەڵام زۆربەی هەرە زۆرمان ئاوا ناینووسین لەبەر هەر هۆکارێک بێت، بەڵکو بەشێوەی (نەیەم.) دەینووسین.

بە بۆچوونی من، ئەمە گرفتە، چونکە لە لایەک فۆڕمە دروستەکە بریتییە لە (نەیـــێـــم.)، نەک (نەیەم.)، لە لایەکی تریشەوە کوا (ێ)ی ڕەگی کار لە (نەیەم.)دا؟! هەروەها (یە) لە (نەیەم.)دا چییە؟ ئەگەر بڵێین (یـ) ناوبەندە، ئایا (ە) چییە؟ ڕەگی کارە؟ ئەگەر ڕەگی کارە، ڕەگی کاری چ چاوگێکە؟ خۆ ڕوون و ئاشکرایە ڕەگی چاوگی (هاتن) بریتییە لە (ێ)، نەک (ە)، خۆ ناشکرێت کاری ڕانەبردوو ڕەگی تێدا نەبێت.

بۆیە پێشنیاز دەکەم، لە زمانی نووسیندا بگەڕێینەوە بۆ فۆڕمە دروستەکەی و (نەیـــێـــم.) بنووسین.

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

### سێیەم: دروستکردنی داخوازیی ئەرێ لە چاوگی (هاتن):

کاتێک داخوازیی ئەرێ لەم چاوگە دروست دەکەین، پێویستمان بە ڕەگە، واتە (ێ)، بەم یاسایە دروستی دەکەین:

بـ + ڕەگی کار + ک٤

بـ + ێ + Ø/ ن = بـێØ ./ بێن.

لێرە جێناوی کەسیی لکاوی دووەمی تاک و کۆ (Ø/ ن) بەکار دێت، لە کۆتاییدا کارەکە فۆڕمی (بـێØ ./ بێن.) وەردەگرێت.

ئێستا دەمانەوێت کاری (بـێØ ./ بێن.) بکەین بە نەرێ، ئاشکرایە، کە بە ئامرازی (مە) نەرێ دەکرێت و دەچێتە شوێنی (بـ)، واتە ئێمە (بـ) لادەبەین و (مە) لە شوێنی دادەنێین و دەبێت بە (مەێØ ./ مەێن.)، بەڵام لێرە دوو پیتی بزوێن کەوتوونەتە تەنیشت یەک، ئەویش بزوێنی (ە)ی کۆتاییی نیشانەی (مە) و بزوێنی (ێ)ی ڕەگەکە، بەپێی یاسای زمانی کوردی نابێت دوو پیتی بزوێن بکەونە تەنیشت یەکەوە، بۆیە دەبێت ناوبەندی (یـ = y) لەنێوان بزوێنی (ە)ی کۆتاییی نیشانەی (مە) و بزوێنی (ێ)ی ڕەگەکە دابنێین، ئەو کاتە فۆڕمی کارەکە دەبێت بە (مەیـێØ ./ مەیـێن.)، کە پێک هاتووە لە (مە + یـ + ێ + Ø/ ن)، ئەمە بەپێی زمانی کوردی و جێبەجێکردنی یاسای زمانەکەمان ئاوایە.

بەڵام زۆربەی هەرە زۆرمان ئاوا نایینووسین لەبەر هەر هۆکارێک بێت، بەڵکو بەشێوەی (مەیەØ . مەیەن.) دەینووسین.

بە بۆچوونی من، ئەمە گرفتە، چونکە لە لایەک فۆڕمە دروستەکە بریتییە لە (مەیـێØ ./ مەیـێن.)، نەک (مەیەØ . مەیەن.)، لە لایەکی تریشەوە کوا (ێ)ی ڕەگی کار لە (مەیەØ . مەیەن.)دا؟! هەروەها (یە) لە (مەیەØ . مەیەن.)دا چییە؟ ئەگەر بڵێین (یـ) ناوبەندە، ئایا (ە) چییە؟ ڕەگی کارە؟ ئەگەر ڕەگی کارە، ڕەگی کاری چ چاوگێکە؟ خۆ ڕوون و ئاشکرایە ڕەگی چاوگی (هاتن) بریتییە لە (ێ)، نەک (ە)، خۆ ناشکرێت کاری ڕانەبردوو ڕەگی تێدا نەبێت.

بۆیە پێشنیاز دەکەم، لە زمانی نووسیندا بگەڕێینەوە بۆ فۆڕمە دروستەکەی و (مەیـێØ ./ مەیـێن.) بنووسین.

---

# کۆتایی



ماموستا (عبدالله عبدالقادر علی)